دادگای هەولێر سزای چوار ساڵ زیندانیی کردنی بەسەر شێروان شێروانییدا سەپاند

ئەمڕۆ پێنجشەممە، دادگای هەولێر سزای چوار ساڵ زیندانیی کردنی بەسەر ڕۆژنامەنووس شێروان شێروانییدا سەپاند.

لەم بارەیەوە بارزان شێروانی برای شێروان شێروانی وتی: "بە مەسرور بارزانی بلێن شێروان شێروانی هەرگیز بەو سزایانەی تۆ ناوخۆ".

شێروان شێروانی پێشتر بە تەمەتی جەواز جەواز سێ ساڵ زیندانی کرابوو، هەر بەهۆی زیندانی کردنی باوکی ڕۆژنامەنووس لە خەمی کوڕکەیدا گیانی لەدەستدا.

شێروان شێروانی بە ڕۆژنامەنووسێکی ئەپۆزسیۆن ناسراوە و هەمیشەی ڕەخنەی لە حکومەتی هەرێم و بەرپرسانی کوردستان بەتایبەتی پارتی و بنەماڵەی بارزانی گرتووە، تا ئێستا بەشێکی زۆر لە ڕۆژنامەوانان سزادانی شێروان بە تەمەتی بە بێگە و پاڵنەری سیاسی ناودەبن.